چارەنووسی تاڵی عەلی گەلاوێژ ــ خەباتکار و بیرمەندی کورد

# «نیشتمان، بۆ مردنیش بێ، هەر دێمەوە بۆ لات!»

## بە بۆنەی نەوەدونۆیەمین ساڵرۆژی لەدایکبوونی عەلی گەلاوێژ

د. کامران ئەمینئاوە

عەلی گەلاوێژ یەکێک لە هەوەڵین کەسانێک بوو کە بۆ دەرس خوێندن لە بۆکانەوە بۆ تەورێز چوون و خوێندنی دەبیرستانیی خۆی لە ساڵی ١٣١٩ی هەتاوی لە دەبیرستانی "فردوسی" تەواو کرد. لە سەردەمی کۆماری کوردستان بە رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد، بە پلەی کاپیتانی گەیشت و لە ساڵی ١٣٢٥ لەگەڵ نزیکەی ٦٠ لاوی کوردستانی، بۆ دەرس خوێندن لە زانستگای ئەفسەری بۆ یەکیەتیی سۆڤییەت ناردرا.

نەمــر دوکتــور عەلــی گەلاوێــژ (ئاگــری) سیاســەتوان، بیرمەند، لێکۆڵەر، ئابووریناس، نووســەر، شــاعیر و وەرگێڕی مارکسیســت ـ لێنینیســتی کــورد لە یەکی رەشــەمەی ســاڵی ١٣٠١ی هەتــاوی (٢٠ی فێوریەی ١٩٢٣ی زایینــی) لــە بنەماڵەیەکی جوامێر، فەرهەنگدۆســت و شۆڕشــگێر لــە گوندی ســاروقامیش، لە قەراغی چۆمــی جەغەتوو، لە ٣٠ کیلۆمێتریی رۆژهەڵاتی شــاری بۆکان لەدایک بوو.

باوکــی، برایــم ســەلاح یەکێــک لــە فەرماندەکانی "ســپای کوردســتان" (١٩٤٦ ـ ١٩٤٥)، لــە بنەماڵــەی فەرمانڕەواکانــی موکریــان و نەوەکانــی بوداق ســوڵتان بوو. دایکی عەلی گەلاوێژ ســەر بە بنەماڵەیەکی ناســراو و بەناوبانــگ بــوو: ئامینــە خانمی گەلاوێــژ، نــەوەی فەیزوڵڵابــەگ ســەرۆک عەشــیرەی فەیزوڵڵابەگــی و خوشــکەزای سەردار سەیفەددین خانی ئەردەڵان حاکمی ســەقز کە لە سەرەتاکانی شــەڕی یەکەمی جیهانــی، تورکە عوســمانییەکان لە ســاڵی ١٢٩٣ی هەتاوی/١٩١٤ی زایینی لە مەراغە لە سێدارەیان دابوو. ســەرنجڕاکێش ئەوەیە، کاتێک پێدانی شناســنامە لە ئێران دەســتی پــێ کرد، گەلاوێژ لەو دەگمەن کەســانە بوو کە ناوبانگی دایکی هەڵبژارد؛ کارێکی گەلێک نامۆ بۆ سەردەمی خۆی.

گەلاوێژ یەکێک لە هەوەڵین کەســانێک بوو کە بــۆ دەرس خوێندن لــە بۆکانەوە بۆ تەورێز چوون و خوێندنی دەبیرستانیی خۆی لە ســاڵی ١٣١٩ی هەتاوی لە دەبیرســتانی "فردوســی" تەواو کرد. لە سەردەمی کۆماری کوردســتان بە رێبەریی حیزبــی دێموکراتی کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد، بە پلەی کاپیتانی گەیشــت و لە ساڵی ١٣٢٥ لەگەڵ نزیکــەی ٦٠ لاوی کوردســتانی، بۆ دەرس خوێندن لە زانستگای ئەفسەری بۆ یەکیەتیی سۆڤییەت ناردرا.

پــاش رووخانــی کۆماری کوردســتان و گیانبەختکردنــی رێبەرانــی، گەلاوێژ وێڕای بەشــێک لە خوێنــدکارە کــوردەکان وەکوو رەحیم ســەیفی قــازی، عەزیز شــەمزینی، حەســەن حیســامی، حەســەن گەرمیانی، کەریم ئەیووبی، مســتەفا شەڵماشی، سوڵتان وەتەمیشــی، قادر مەحمووزادە، خوســرەو زولفەقــاری و هتد لە یەکیەتیی ســۆڤییەتی مایەوە. ئــەم خوێندکارانە لە تاراوگە بە پلەی بەرزی زانستی و ئاکادێمیک گەیشتن. گەلاوێژ خوێندنی باڵای خۆی لە بواری ئابووریدا تەواو کــرد و دوکتۆرای زانســتی وەرگرت. ئەو لە ماوەی کار و چالاکی لە ئاکادێمیی زانســتیی کۆماری سۆسیالیســتیی ئازەربایجان، گەلێک بابەتی زانســتیی بە زمانی ئازەری و رووسی لە پێوەندی لەگەڵ گەشەســەندنی ئابووری لــە وڵاتانی لە حاڵی پێشــکەوتندا نووســی. گەلاوێژ ئەندامی چالاکی "بەشی پێشکەوتنی نەتەوەکانی رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست" بوو و لە بواری پەروەردەکردنی کادرە لاوەکان لە هیچ چەشــنە هەوڵ و تێکۆشانێک خۆی نەدەبــوارد. گەلاوێژ بێجگە لە زمانی کوردی، شــارەزاییەکی باشــی لە زمانەکانی فارسی، تورکیــی ئــازەری و ســتانبۆلی، رووســی، فەرەنسی، عەرەبی و ئاڵمانی هەبوو.

گەلاوێژ بێژەری بەشــی کوردیی رادیۆی فیرقــەی دێموکراتــی ئازەربایجان لە باکۆ و، دواتر رادیۆی "پیک ایران" لە بولغارستان بوو، هەروەها گەلێک بابەتی سەبارەت بە رۆژهەڵات و باشووری کوردســتان بە فارسی و کوردی نووســیوە. کتێبی "پێوەندییــە ئەرزییەکانــی کوردســتان: رووخانی سیستمی عەشیرەیی" یەکێک لە کتێبە هەرە باش و زانســتییەکان لە بارەی سیستمی عەشیرەیی لە کوردستانە. عەلی عەموویی لــە کتێبی "صبر تلخ"دا باس لــە کتێبێکی نەمــر گەلاوێژ ســەبارەت بە بزووتنــەوەی نەتەوەیی کــورد دەکات کە بە هۆی گیرانی رێبەرانی حیزبی توودەی ئێران

لە ساڵی ١٣٦٢ بە چاپ نەگەیشت:

*"هاوڕێ گەلاوێژ یەکێک لە هاوڕێیانی خۆمان بوو کە بابەتێکی لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی کورد نووسیبوو... توێژینەوەیەکی هەمەلایەنە سەبارەت بە بزووتنەوەی گەلی کورد نەک تەنیا لە ئێران، بەڵکوو ئەو پێشینە گشتییەی لە تورکیا و عیراق و ... هەبوو و کارێکی گەلێک باش بوو! ... بە داخەوە چاپ نەکرا! کەمێک کاتمان کەم هێنا و ڕووداوی گیرانەکەمان پێش هات و یەکێک لە باسەکانی لێپرسینەوە لە من هەر ئەم کتێبە بوو کە هۆی بڵاونەکردنەکەی چی بوو؟ ئایا بابەتێکی تایبەتی دژ بە کۆماری ئیسلامیی تێدا نووسرابوو کە ئێوە لە باری ئەمنییەتییەوە پێتان وابوو نابێ چاپ بکرێ؟!*
*گووتم: کێ دەڵێ من نەزەرێکی وەهام داوە؟! هەرگیز شتێکی وەها نەبوو. کارێکی گەلێک زانستی و باش بوو، بەڵام ئێوە مەجالتان بۆ چاپەکەی نەدا".*

گەلاوێژ هەروەها یەکێک لە وەرگێڕەکانی کتێبی "مێژووی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤییەتی"(١٣٥٨) و "کێشەکانی ئاسیا و ئەفریقای ئەمرۆ" (١٣٥٨) لە زمانی ڕووسییەوە بۆ فارسی بوو. عەلی گەلاوێژ نەک سیاسەتوان و ئابووریناس، بەڵکوو شاعیرێکی بەناوبانگیش بوو.

هەڵبەستی "زووحەیاتەین"ی پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ لە ئێران چاپ کرا. بەشێک لە شێعرەکانی کە لە ژێر نازناوی "ئاگری" نووسراون، لە لایەن براکەی - نەمر مامۆستا حەسەن سەلاح (سۆران) (١٣٨٨-١٣٢٠) بۆ دەرەوەی وڵات ناردران و لە سایتی "ڕۆژهەڵات – بۆکان"[١] بڵاو بوونەتەوە. شێعرەکانی گەلاوێژ پڕن لە هەستی خۆشەویستی بۆ کوردستان، زمانی زگماکی، مێژوو و خەباتی گەلی کورد لە پێناوی گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسدا.

نووسەر و وەرگێڕی بەناوبانگی ئێرانی، مەحموود ئیعتمادزادە (بە آذین) کە پاش شەپۆلی گیرانی ڕێبەری، کادر و ئەندامانی حیزبی توودەی ئێران لە ساڵی ١٣٦٢ ماوەیەک لە زیندان هاوبەندی گەلاوێژ بوو، سەبارەت بەو دەڵێ:

*"عەلی گەلاوێژ ... لەگەڵ ئەو زۆرتر هاودەمم. داستانگەلێک لە سەردەمی منداڵی و لاویی خۆی لە مەهاباد و تەورێز دەگێڕێتەوە، لە کایە لەگەڵ هاوتەمەنەکانی، چوون بۆ ڕاوەکەو، ئەسپسواری و بەشداری لە ڕیزی چەکدارانی قازی محەمەددا یان ئاشنایەتیی لە باکۆ لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی، داستانگەلێکی ڕەنگاوڕەنگ، لەگەڵ مایەیەکی خەست و خۆڵ لە خۆشەویستی بۆ کورد و کوردستان"*

نەمر عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (١٣٠٠-١٣٦٨) ـ هەژار، شاعیر، نووسەر و وەرگێڕی بە ناوبانگی کورد کە لە سەفەرێکی باکۆ لە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی چاوی بە گەلاوێژ کەوتبوو، لە چێشتی مجێوردا وەک "مەولانای ڕۆمیی سەردەمی شەمسی تەورێزی" یادی دەکات:

*"... بەڵام کە عەلی گەلاوێژم دیت، وای بۆ چووم کە عەلی وەک مەولانای ڕۆمیی زەمانی شەمسی تەبرێزییە ... عەلی هەم شاعیر، هەم نووسەر، هەم کوردیزانی باش، دوکتورای لە ئیقتیسادی سیاسی هەبوو..."*

عەلی گەلاوێژ لە ڕیزی ئەو دەستە لە ڕۆشنبیرانی کورد بوو کە لە سەردەمی جیهانی دووجەمسەری کە سۆسیالیزمی بە ڕاستیی ئارایی، مزگێنیی جیهانێکی ئازاد و بە دوور لە چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوەییی دەدا، ڕووی لە کاری سیاسی کرد. ئەو پاش سەرکوتکران و ڕووخانی کۆماری ساوای کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان لە ساڵی ١٩٤٦ ژیانی تاراوگەی هەڵبژارد. ئەوەیە بەشی سەرەکیی ژیانی گەلاوێژ لە بلۆکی ڕۆژهەڵات و بە تایبەتی لە یەکیەتیی سۆڤییەتی تێپەڕ بوو.

ساڵانێکی زۆر، گەلاوێژ و کۆچەرەکانی کوردی دانیشتووی یەکیەتیی سۆڤییەت لە ژێر ئاڵا و ناوی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" و لە پێوەندیی نزیک لەگەڵ فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان کار و چالاکییان کرد و ڕۆژنامەی "کوردستان"، ئورگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لە لاپەڕەیەک لە پاڵ ڕۆژنامەی ئازەربایجان چاپ و بڵاوکردەوە. لە نێوان ٦ی دسامبری ١٩٤٧ هەتا هاوینی ساڵی ١٩٦٠ لەوە دەچی ١٣٣٧ ژمارەی لێ چاپکرابێ.

نەمر کەریمی حیسامی کە چاوی بە بەشێک لەم ڕۆژنامەیە کەوتووە، ئاماژە بە ڕیزە بابەتێکی گەلاوێژ دەکات: "لە ژمارەی ١٠٩٠ – ١٨ ئۆکتۆبری ١٩٥٨ تا ژمارەی ١٩٠٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا ڕیزە وتارێک لەبارەی مەسەلەی کورد لە ئێران بە قەڵەمی عەلی گەلاوێژ بەرچاو دەکەوێ، تێیدا هاتوە:

*" ئێران ئێمرۆ بۆخۆی دەوڵەتێکی هەیە. ئەو دەوڵەتە ئەگەر کۆنەپەرستیش بێ، دەوڵەتی ئێرانە. بەڵام کوردستان خۆی دەوڵەتی نیە. لە مافی دەسەڵاتی سیاسی بێبەش کراوە. لەبەر ئەوەیە لە کاتێکا خەڵکی ئێران دابینکردنی ئامانجی نەتەوەییی خۆی لە ڕوخانی دەزگای کۆنەپەرستی دەسەڵاتدار و گۆڕینی ئەودا دەبینێ، خەڵکی کورد بەم کارە واتە بە ڕووخانی دەزگای دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئێران، بە هیچ ئامانجێکی بنەرەتیی خۆی ناگات. چونکە لەو حاڵەتەدا هێشتا دەسەڵاتی نەتەوەییی دێموکراتیکی خەڵک دانەمەزراوە؛ تەنیا دروشمی ڕاست کە ئێمرۆ دەتوانێ میلیۆنها ئینسانی نیشتمانپەروەری کوردستان لەدەوری خۆی کۆ بکاتەوە بریتییە لە دروشمی خەبات دژی ستەمی نەتەوەیی و خەبات بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسیی دێموکراتیکی کورد."*

عەلی گەلاوێژ و ڕەحیمی سەیفی قازی لە ١٢ی فێوریەی ١٩٤٨ وەکو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دێموکرات هەڵبژێردران و پاش یەکگرتنی فیرقە و حیزبی توودە لە ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی، بەم باوەڕە کە چەوسانەوەی نەتەوەیی تەنیا لە وڵاتێکی سۆسیالیستی کۆتایی پێ دێ، چوونە نێو تەنیا حیزبی سەرانسەریی ئەو کاتە واتە حیزبی توودەی ئێران. گەلاوێژ لە پلێنۆمی ١٥ی ئەم حیزبە لە پووشپەڕی ١٣٥٤ بوو بە ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندی و لە پلێنۆمی ١٦ لە ڕەشەمەی ١٣٥٧ وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزب هەڵبژاردرا.

گەلاوێژ لە ساڵەکانی تاراوگەدا، هیوا و ئاواتەکانی خۆی لە قاڵبی شێعرە کوردییەکان و شرۆڤەکاریی ئەوان بە ڕوونی دەردەبڕێ. بەشێکی زۆر لە نووسراوەکانی پیشاندەری ئێش و ئازاری دووری لە کوردستان و بەستراوەییی قووڵی ئەو بە زێدەکەیەتی. ئەو لە شێعرەکانیدا باس لە ئێشی دووری، ئاوارەبوون، دەروونی پڕ لە زووخاو و ڕوخساری زەردی دەکات. لە شێعری "پاش بیست و حەوت ساڵ" دەڵێ:

بیست و حەوت ساڵە وێڵ و ئاوارەم،
گۆشەنشینی ئەم گەورە شارەم،

هەناوم زووخاو، روخسارم زەردەن،
خواردنم خوێناو، بە جامی دەردەن،
ئاخ هەڵ ئەکێشم بە دەم ناڵەوە،
لە خۆر ئەڕوانم، لە بن چاڵەوە،
برای خانە خوێ ماڵت ئاوا بێ،
بەو ڕێزی گرتت دەدرم چار نابی،
منەتباری تۆم ساڵێ هەزار جار،
بەڵام عومرەکەم سووتا بە فیشاڵ،
ئەم دەردە بێشک کێو ئەڕمێنێ،
شاخی هەورامان لە بن دەردێنێ.
هەر کەس کە تاشی سەری بێوەستا،
ئاوەکەی وشکا و ئاشەکەی وێستا،
دەستەو ئەژنۆ خۆم لە هەندەرانا،
ڕەنگە بمنووسن لە ڕێز نەزانا.

*

سڵاو لە پۆپکەی کۆساری ڕەنگین!
سڵاو لە دیدار وەنەوشەی خەمگین،
یادت بەخێر بێ کەروێشکی ترسۆک،
هەڵۆی سەرشاخان، مامزی بزۆک،
هۆهۆی جەغەتوو! خۆم بم قوربانت،
ئاخۆ جاری تر، دەبمە میوانت؟
توخوا پێم بێژە دوندی"شایمەردان"،
ئەمجاریش بۆ تۆ دەچمەوە سەیران؟
هۆ"ناڵەشکێنە"، "کەلی برادەر"،
"تۆڵەکە"ی سەرقوت، ئەی بێژنگ بەسەر"،
کێوەکەی پشت باغ، سیپەی ڕاوکەران،
"پلەو بەردە"کەی ژوانگەی دڵبەران،
کەوتۆتە نێومان، چۆم و دەشت و کۆ،
مەگەر بای ڕەحمەت من بێنی بۆ تۆ،
ئەی خاکی پیرۆز، قەزای تۆ لە خۆم،
ببم بە خۆڵیش، هەر پێشمەرگەی تۆم،
لە دەردی دووری با کوێر و شەل بم،
با دەستە ملانی پەیکی ئەجەل بم،
نیشتمان یا هوا! کوردستان هەیهات،
بۆ مردنیش بێ، هەر دێمەوە بۆ لات.

٢١ی ئاوریلی ١٩٧٣، تاراوگەی لاپیتزیگ، ئەلمان

گەلاوێژ لە پێشەکی بۆ شێعری "هیوای دواڕۆژ" سەبارەت بە کاتی تێپەڕکراوی لە تاراوگە دەنووسی:

*"ئەمڕۆ لە کتێبخانەی ڤلادیمیر ئیلیچ لێنین لە شاری مەسکەو، خەریکی خوێندنەوەی کاتالۆگی دەستخەتی فارسیی مووزەی بریتانیا بووم، کە کاتی خۆی بە هۆی(Rieu.Ch) تەنزیم کراوە. لەوێدا تووشی هێندە شێعرێکی کوردی لە بارەی"بارام و گوڵئەندام" و "خوسرەو شیرین" و هی دیکە بە ڕاوێژی گۆرانی بووم. بێ ئەوەی بمەوێ و خۆم ئاگام لێ بێ، فرمێسک بە چاومدا هاتە خوارێ. خەیاڵات بۆ جێگەی دووری بردم. وەبیرم کەوتەوە پاش مانگ و نیوێکی کە، دروست پەنجا ساڵ لە عومرم تێدەپەڕێ و بەڵام من هێشتا هەر لە غوربەتم و هیچم بۆ نیشتمانەکەم نەکردووە. هەر لە پشت مێزی کتێبخانە دەستم بە نووسینی ئەم شێعرە کرد. هیوادارم لە پاشەڕۆژدا مێژوو دروست قەزاوەتی لەسەر بکات. ع. گەلاوێژ*

لەدەورم کۆ ئەبن خوشک و برازا
بە خاڵە ـ خاڵە یا خۆ مامە ـ مامە
لە ملیان لائەچی کۆتی ئەسیری
بە فیشاڵی مەزانن، ئەم کەلامە
لە خوێندنیان ئەنێم بە زمانی کوردی
کە زگماکی زمانی عەقڵ و فامە
ئەبێ بێستوون بە جەولانگای شیرین
ئەکا فەرهادی کێوبڕ ئەم مەرامە
لەوێ کێ پیر ئەبێ و کێیە کە بمرێ؟
سەری خەرمان و نوخشەی خاس و عامە
سەماکەن دۆست و هاوپەیمانی کۆنە
بە دەنگی "تەیرەکر" و "شیرین هەلامە"
٨.١.١٩٧٣

گەلاوێژ لە دەی خاکەلێوەی ١٣٥١ی هەتاوی لە تاراوگە، لە لایپتزیکی ئەلمان بە بۆنەی بیست و پێنجەمین ساڵێ لە سێدارەدانی "پێشەوای نەمری کوردستان قازی محەممەد" هەست و سۆزی خۆی لە شێعری"ئەیزانی" دەردەبڕێ و لەوەی دەناڵێ: "داخەکەم، جێگایەکم گومان نەبرد کە چاپی بکەم. ئاخ بێ دەرەتانی!"

ئەتۆم زۆر خۆش ئەوێ چاوم ـ ئەشزانم کە ئەیزانی
بە نازی ڕۆحەکەت بردم، بە هاسانی و بە هەرزانی
برینداری خەدەنگی عەشقی چاوکاڵانی کرمانجیم
تەبیبان لێم گەڕێن – ئەم دەردە نامەکشوفە دەرمانی
برایان، خوشکەکان، ئەی ڕۆڵەکانی نیشتمان شەرتە:
سەروماڵم بدۆڕێنم، نەبم ڕازی بە فەوتانی
وەتەن باقی، گەلیش باقی، هەمو ئاواتی گەل باقی
ژیان وا پێنج و دو ڕۆژە ـ ئەمن فانی ئەتۆ فانی
تەرازووی هزر هەڵواسن، بە چاوی بیر بڕوانن
دەغیلتان بم برایان، بۆ ئەبەد لادەن لە نازانی
مەکەونە شوێن کڵاوی لار، کە هیوایێکی زۆر پووچە
لەگەڵ گەل بن بە گاوانی، نەوەک تەنیا بە سوڵتانی
مەزن قازی محەممەد وەسیەتی بۆ ئێمە کرد، فەرمووی:
منیش بکوژن، هەزاران سەروی دی، دەروێ لە مەیدانی
لە ڕێ ماندوو مەبن بۆ خاتری کەڵە پیاوانی ئەم خاکە
کە هەر کەس نیوەڕێ وێستا، نەسیبی بو پەشیمانی
بە خوێنی ئاڵی خۆمان، دائەشۆرین خاکی کوردستان
گزنگی بەربەیان هەڵدێ، لەسەر دوندانی کێوانی

نەمر کەریمی حیسامی، یەکێک لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە تاراوگە هاوکاریی حیزبی توودەی ئێرانی دەکرد و یەکێک لە نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان (١٩٧٠-١٩٦٥) بە سەرنووسەریی د. قاسملوو، هەروەها بێژەری بەشی کوردیی ڕادیۆ "پیک ایران" بوو، لە بیرەوەرییەکانی سەبارەت بە هەڵسوکەوتی ڕیبەریی حیزبی توودەی ئێران لەگەڵ گەلاوێژ و دەرکردنی ناوبرا لە ڕادیۆ پەیکی ئێران لە بەهاری ١٩٦٤دا دەنووسێ:

*"... کاک عەلی گەلاوێژ کە لە رادیۆ پەیکی ئێران کاری دەکرد، ئەندامی بەڕێوەبەری فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بوو لە باکۆ. پێش یەکگرتنەوە، نێوانی فیرقەی دێموکرات و حیزبی تودە زۆر خۆش نەبوو. کاک عەلی گەلاوێژ لە کۆنفڕانسی فیرقەهدا دژی ڕێبەرانی حیزبی توودە قسەی کردبوو. ئەوانیش لێیان وەدڵ گرتبوو. پاش یەکگرتنەوەی فیرقە و حیزبی تودە، ئیرەجی ئەسکەندەری ببوە بەرپرسی تەبلیغاتی حیزبی، هەوەڵ کاری ئەوە بوو کە کاک عەلی گەلاوێژ لە ڕادیۆ دەربکات و بینێرێتەوە باکۆ. ڕەفیق ئیرەج دەیگوت لەبەر خاتری مەلا مستەفا ئەوەم کردووە، چونکە مەلا مستەفا قینی لە عەلی گەلاوێژە و لەبەر دەنگی ئەو گوێ ناداتە ڕادیۆی ئێمە!"*

گەلاوێژ دڵشکاو و ڕەنجاو لە دەسەڵاتدارانی حیزبی توودە لە تاراوگە کە خۆیان وەکوو تەنیا پشتیوانی ڕاستەقینەی چینی کرێکار و گەلە چەوساوەکانی ئێران دەناساند لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ باکۆ، لە شاری کییێف لە پێشەکییەک بۆ شێعری"ئەی کوردستان" دەنووسێ:

*"ئەمشەو لە حاڵێکدا لە گەشتی فەرەنگستان دەگەڕامەوە و لە شاری "کییێف" لە میوانخانە کۆچم بەزاندبوو، هەتا درەنگانێک خەو نەچووە چاوم. دەرکەوتم هەتا سەعاتی دوی پاش نیوەشەو بە شەقامی"کریشاتیک"دا خولامەوە. گەڕامەوە هۆدەکەم، بەڵام هەر بیرم لە سێ ساڵی ڕابردوو دەکردەوە ... من بە چ دڵێکی پاک و خاوێنەوە چووبووم! ... چەندی نامەردی و خراپەیان لەگەڵ کردم و دوایین حۆققەیان چی بو؟! ... ئەم شێعرە خۆ بە خۆ، بە نووکی*

*قەڵەمەکەمدا هات. ئەوانەی ئیدیعای ئازادیی"گەلەکانی" ئێران دەکەن، دەبێ بە قەولی شاعیر بزانن: "این رە کە تو میروی بە ترکستان است"... حەیف و ئاخ بۆ ئاواتی بەباچوا! ... دیسان شاعیر دڵێ: "اگر صد سال گبر آتش افروزد، چو یکدم اندر آن افتد بسوزد".*

ئەی کوردستان

ئەی کوردستان، ئەی ئەو خاکەی بە خوێن خووساوی
دوژمنت وەک سەگ بتۆپێ و کوێر بێ دوو چاوی
قوربانی شاخ و داخت بم، ڕۆژی سەد جاران
پایەندازی پێشمەرگەت بێ، تاجی شای تاران
ڕۆڵەی تۆم، نۆکەری کەس نیم، خوێنەکەم پاکە
یاخوا بڕژێ خوێنی پاکم، لە ڕێی ئەم خاکە
وەک"ئاگری" گەردنکێش و سەر لە هەورانم
دڵ خوێناوی و لەش بریندار، دەنگ پاڵەوانم
ڕۆحم پاکتر لە ئاوێنەی بەختی دڵداران
قسەم بێگەرد، ڕێگەم ڕووناک، بە هەمو باران
نامەرد ویستی ببمە خوێڕی و گوێ لە مستی ئەو
بەم ئامانجە داوی بۆم ناوە بە ڕۆژ و بە شەو
لەت لەتم کەن، بمجنن وەک گۆشتی قوربان
هەر لەتێکم هاوار ئەکا و ئەڵێ ئەی کوردستان!
ئەی کوردستان، ئەی کوردستان، ڕۆحی شیرینم
ئەی نیشتمان، ئەی نیشتمان ئایین و دینم.

شاری کیێف، ٢١ی مانگی ١٩٦۴، درەنگانێک نیوە شەو.

گەلاوێژ سەرەڕای دڵئێشان و نارەحەتی لە هەڵسوکەوتی بەشێک لە ڕێبەرانی حیزبی توودە، بە پێی بیروباوەڕی چەپ و سۆسیالیستی، هەروەها هیوا بە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی نێو ئەم ڕێکخراوە و کۆمەڵگای ئێران، واز لەم حیزبە ناهێنێ و هەوڵ دەدات لە ئیمکاناتی ئەم حیزبە وەکوو تاقانە دەرفەتی ئەو کاتە لە بەرەی سۆسیالیزمی جیهانیدا بۆ ناساندنی کێشەی نەتەوەیی و بەرگری لە مافی کورد کەڵگ وەربگرێ و هەر لەم پێناوەدا بابەتگەلێکی زۆر، لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی کورد، لە ژمارەکانی گۆڤاری"دنیا"دا دەنووسێ. ئەگەر سەرنجی بابەتەکانی ئەم گۆڤارە بدرێ، زۆربەی ئەو بابەتانەی لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی کورد و پرسی نەتەوەیی نوسراون ئی عەلی گەلاوێژن.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی، عەلی گەلاوێژ گەڕایەوە ئێران و بوو بە بەرپرسی ڕێکخراوی ئەیالەتیی حیزبی توودەی ئێران لە کوردستان.

گەلاوێژ سەرەڕای هەبوونی ئەزموونێکی تاڵ لە ژیانی نێوحیزبی و شارەزایی وەکوو ئابووریناسێک لە بوارە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ژیانی سۆسیالیزمی بە ڕاستیی ئارایی، وەک ڕێبەرانی دیکەی حیزبی توودەی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگای سۆڤییەتی، کێشە نێوحیزبییەکانی تاراوگە و چارەنووسی هەزاران کوچبەری ئێرانی لە وڵاتی شووراکاندا کەم تا زۆر وتەیەکی ڕەخنەگرانەی بە زماندا نەهات. هەڵبەت کەسایەتییەک وەک نەمر دوکتور قاسملووش کە ئەزموونی ژیانی وڵاتانی سۆسیالیستیی هەبوو، وێڕای جیابوونەوە و سنووردانانی لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران، تەنیا ئاماژەی بە کێشەی نەبوونی پلۆرالیزم و دێموکراسی لەم وڵاتانە دەکرد و لەباری ئابوورییەوە ڕەخنەیەکی وەهای لەم سیستمە نەدەگرت و خۆی لە بەرەی سۆسیالیستی جیهانیدا دەدیتەوە. د. قاسملوو، خولیای وەدەسهێنانی پشتیوانیی وڵاتانی سۆسیالیستی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ئێران بوو، بەڵام بە هۆی ئاوڕنەدانەوەی سۆڤییەت لە چارەنووسی گەلی کورد بەرە بەرە بەرەو سوسیال – دێموکراسی هەنگاوی نا.

عەلی گەلاوێژ وەک بەرپرسی بەشی کوردستانی حیزبی توودەی ئێران، درێژەی بە نووسینی بابەت دەربارەی کێشەی نەتەوەیی کورد لە ئێران و شێوەی چارەسەرکردنی دا، بەڵام بێگومان ئەم پێشنیار و ڕێگا پیشاندانانە بە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە لەسەر بنەمای بیری "ڕێگای گەشەسەندنی ناسەرمایەداری" لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و گرنگیدانی زۆر بە ڕۆڵی شۆڕشگێرە دێموکراتەکان داڕێژرابوو، لە کۆمەڵگایەکدا کە ڕێبەری و دەسەڵات بە دەست کەسایەتییە ئایینییە دواکەوتوو و کۆنەپەرستە ئیسلامییەکانەوە بوو، بەهیچ جۆر لەگەڵ ڕاستییەکانی نێو ئێران و شوێن و پێگەی چینایەتی، تایبەتمەندی و بیرو هزری دەسەڵاتدارە ئایینییەکانی ئێران نەدەهاتەوە و لە ڕاستیدا خۆفریودانێکی تەواو بوو. حکوومەتی تۆتالیتێری ئێران باوەڕی بە ڕەنگاوڕەنگیی نەتەوەیی لە ئێران نەبوو و بێجگە لە ئۆمەتی ئیسلامی و ئایینی ئیسلام و شەریعەت، ئەویش لە چەشنی شیعە، پێوانەیەکی بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستییەکانی کۆمەڵگای فرەنەتەوەیی ئێران نەبوو و نەشیدەناسی.

نەمر گەلاوێژ وێڕای نەبوونی باوەڕ و متمانە بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ئەو ڕەخنانەی سەبارەت بە سیاسەتی دەوڵەتی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی کوردی ڕۆژهەڵاتدا هەیبوون، هەتا کاتی گیرانی سنووربەندیی لەگەڵ نەکرد و بە پێی سانترالیسمی دێموکراتیکی حیزبی، بێجگە لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی زۆر بچووک و خۆمانە و جێی باوەڕدا قسەکانی خۆی نەدەکرد. لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانی نووسەری ئەم بابەتە لە تەورێز لەگەڵ مامۆستا گەلاوێژ، لە وڵامی ئەوەی کێن ئەو شۆڕشگێرە دێموکراتانەی نێو حکوومەتی ئێران کە بە پێی وتەکانی پلێنۆمی ١٧ی حیزب هەتا گەیشتن بە سۆسیالیزم هاوڕێییمان دەکەن، ڕاشکاوانە گوتی:

*"چوزانم، لێگەڕێ خومەینییەک پەیدا بووە دەڵێ دژی ئەمپێریالیستە! ئایین لە ڕۆژی سەرهەڵدانییەوە کۆنەپەرست بوو، کۆنەپەرستە و هەر واش دەمێنێتەوە".*

درێژەپێدان بە سیاسەتی بێئاسۆی "یەکیەتی و ڕەخنەگرتن" لە بەرانبەر دەسەڵاتی ئیسلامیی ئێران، نەک کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر گشت بزووتنەوەی ئازادیخواز و بە تایبەتی چەپ و کرێکاری دانا، بەڵکوو لە کردەوەدا گیران، ئەشکەنجە و ئازار و لەسێدارەدرانی بەشێکی بەرچاوی ڕێبەری، کادر و ئەندام و لایەنگرانی حیزبی توودەشی لێکەوتەوە.

بەداخەوە هێرشی مرۆڤکوژانی ڕێژیمی ئیسلامی و گیرانی ڕێبەرانی حیزب، هەل و دەرفەتی لێکدانەوە و پێداچوونەوەی بەسەر سیاسەتە پڕ لە هەڵەکانی حیزبی توودە سەبارەت بە هەڵسەنگاندنە زەینی و ناڕاستەکانی لە بارەی ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی، هێزە دژبەرەکان و کێشەی کوردستانی بەوان و یەک لەوان نەمر گەلاوێژ نەدا.

عەلی گەلاوێژ لە یەکەم هێرشی هێزەکانی سەر بە سپای پاسداران لە ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٦١ بۆ سەر ڕێکخراوەکانی حیزبی توودەی ئێران و نایاسایی ڕاگەیاندنی ئەم حیزبە، نەکەوتە داوی ئەوان و کار و ژیانی نهێنیی گرتە بەر. بە هۆی ئەزموونی تاڵی پتر لە سێ دەیە ژیانی تاراوگە، گەلاوێژ ئامادەی بە جێ هێشتنی ئێران و گەڕانەوە بۆ یەکیەتیی سۆڤییەت نەبوو.

مێهدی پەرتەوی بەرپرسی بەشی ڕێکخراوەی نهێنیی حیزبی توودەی ئێران کە وێڕای هاوکاری لەگەڵ مەئموورە ئیتلاعاتییەکانی کۆماری ئیسلامی، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕەوتی گیران، لێپرسینەوە و دادگایی کردنی ڕێبەریی حیزب و بە تایبەتی ئەفسەرە توودەییەکاندا گێڕا، سەبارەت بە پێشنیاری بەجێهێشتنی ئێران بە گەلاوێژ، دەڵێ:

*”لەگەڵ جەوانشـــیر و هاتەفی هەوڵمان دا سەروسـامانێک بە وەزعەکە بدەین. داوامـان لە بەرپرسـی شارسـتانەکان کـرد بۆ پێشـگیری لـە گیـران بێنە تـاران. بڕیار درا ئیمکانی پێویسـت بۆ چوونەدەرەوەی پاشـماوەی ڕێبەری لە وڵات لێک بدەینەوە ... هەڵبەت بەشێک لە کەسایەتییەکانی حیزب وەک گەلاوێژ کە لە کوردسـتانەوە گەڕابوونەوە تاران، مەیلێکیـان بۆ ڕۆیشـتن نەبوو. کاتێک مەسـەلەی چوونەدەرەوەم لە گەڵ باس کرد، بەتـەواوی تێکچوو. ئەو تازە چەند سـاڵێک بوو پاش چەن دەیـە تاراندن گەڕابووەوە ئێران، ڕاسـتگۆیانە دەیگوت نایەوێ لە ئێران بڕوات.“*

عەلـی گەلاوێژ لەگەڵ پاشـماوەی ڕێبەریی حیزب بـە هۆی زەبر و هێرشـی دووهەمی سپای پاسداران لە ٧ی بانەمەڕی ١٣٦٢ گیرا و لە ئاکامی ئەشکەنجە نائینسانییەکان ناچار بە دانپێدانان بە کاری نەکردوو، ڕەتکردنەوەی مێژوو، بیرو هزر، کەسایەتی، پێناسی سیاسیی خۆی و بەشداری لە بەرنامە تەلەڤیزیۆنییەکاندا کرا کە لە لایەن دامودەزگای سـەرکوتکەری کۆماری ئیسلامییەوە ڕێکخرابوون. بێگومان دانپێدانانـی بەندییـە سیاسـییەکان و ئەو کتێب و نووسـراوانەی لەو جـۆرە دانپێدانانە لە ژێر ئەشـکەنجەدا، لە لایەن دەزگاکانی بە ناو”توێژینەوە“ی سـەر بە دەزگا ئیتلاعاتی و ئەمنیەتییەکانـی ڕێژیمی ئێران بڵاو دەبنەوە، تۆسـقاڵێک جێی باوەڕ نین و هیچ بایەخێکی یاسایی و حقووقییان نییە و ناتوانن ببنە پێوەر بـۆ داوەری لە بارەی ئەشـکەنجەکراوانی نێو تاریکخانەکانی ئێران.

دەرکەوتنی بەندیی سیاسی لە تەلەڤیزیۆن و ڕەدکردنـەوەی بیرو هزر و ڕابردووی خۆی و، داوای لێبوردن کردنی ”بە ڕووخسـارێکی تێکشکاو و ڕوانینێکی پڕ لە ترس“ بەڵگەیەکی حاشالێنەکراوە کە ئەم کارەیان دڵخوازانە نییە و، ناچـار بە ملدان بۆ ئـەم بارودۆخە نالەبار و ناخۆشـە کـراون. لە ڕاسـتیدا ئەم جۆرە بەرنامانە لە جیاتـی بەڵگەی مەحکوومبوونی بەندییە سیاسـییە ئەشـکەنجەکراوەکان بن، بەڵگەن بۆ مەحکووم و تاوانبار بوونی ڕێژیمی مرۆڤکوژ و سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران. بە قەولی سەعدی:

”گـر خردمنـد ز اوبـاش جفایـی بینـد
تـا دل خویـش نیـازارد و درهـم نشـود
سـنگ بدگوهـر اگر کاسـە زرین شـکند
قیمت سـنگ نیفزایـد و زر کم نشـود“[٢]

گەلاوێژ لـە بەرنامە تەلەڤیزیۆنییەکاندا وێڕای دانان بەو قسـانەدا کە ئەشـکەنجەکەرانی ڕێژیمـی ئیسـلامی بـۆ مەحکوومکردن و ڕەتکردنـەوەی بیـرو هـزر و چەندین دەیە خەباتی خۆی، بە سـەریاندا سـەپاندبوو، لە پەیامێکـدا ڕووی بانگەواز دەکاتە ”خوشـک و برایانی کوردسـتانی“ و دەڵـێ بگەڕێنەوە باوەشـی کۆماری ئیسـلامی، بەڵام هەر لەو پەیامەیـدا بـە ئاماژەیەکـی وریاکـەرەوەی ناڕاستەوخۆ بەردەنگەکەی تێدەگەیەنێ کە بە قسەی نەکەن:

*”... لە شاخەکان وەرنە خوارێ و براکانی خۆتـان لە باوەش بگـرن. وەرن لەگەڵ پاسـدارەکان ببن بـە بـرا... کۆماری ئیسلامیی ئێران، کۆمارێکی شۆڕشگێرە و، دەردی ئێوە چارەسەر دەکات. ئەم برا سەروریش سپی بووەی خۆتان ئەمەتان بـە تەواوی بۆ دەسـتەبەر و مسـۆگەر دەکات.“*

*[ زەقکردنەوەی ئەم ڕستەیە لە لایەن نووسەرەوەیە!]*

بەکارهێنانـی دەسـتەبەر و مسـۆگەرکردن (ضمانـت و تضمین) لە لایـەن بەندکراوێک کە بۆخۆی لە ژێر ئەشـکەنجە جەسـتەیی و دەروونییە ترسێنەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانـدا ناچار بـە دانان بـە کاری نەکردوو کراوە و، بۆخۆی هیچ دەسـتەبەرێکی گیانی و حقووقیی نییە، هەڵگـری پەیامێکی ڕوون و ئاشـکرایە بۆ پێشـمەرگە کـوردەکان لە شـاخە بەرزەکانی کوردسـتان بە مەبەستی درێژەپێـدان بە خەباتەکەیـان، پەیامەکەش ئەوەیە ئەگەر چەکەکەیـان دابنێن و بڕوا بە کۆماری ئیسلامی بکەن، تووشی چارەنووسی عەلـی گەلاوێـژەکان دەبـن. لـە لایەکی دیکەشـەوە خەباتی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە مافـی دیاریکردنی چارەنووس ناتەباییەکی تەواوی لەگەڵ بۆچوون و تێڕوانین و ڕوانگەی سیاسیی دەسەڵاتدارانی ئێران هەیە، ئەمەش شـتێک بوو کە گەلاوێژ بە باشی لێی ئاگادار بوو.

هەوڵدانـی بەردەوامی حیزبـی توودەی ئێـران بـۆ چالاکیی یاسـایی و ئاشـکرا لە چوارچێـوەی یاسـای بنەڕەتیی ئێـران بە پێـی ڕوانگـە و سیاسـەتی زاڵ و دوژمنیی ئایدیۆلۆژیکی خومەینی و دەسـەڵاتی ئایینی لەگـەڵ حیزب، بە هـۆی عەینی نەیدەتوانێ ئاکامێکی باشـی لێ بکەوێتەوە. چارەنووسی تـاڵ و خەمهێنـەری ڕێبـەران، کادر و ئەندامانی بەندکـراوی حیزبی توودەی ئێران لە کردەوەدا بە مانای شکسـتی سیاسـەتی ”یەکیەتی و ڕەخنەگرتن“ و بنەما فیکریەکانی بەکارهێنانی تیوریی ”ڕێگای گەشەسـەندنی ناسـەرمایەداری“ لە کۆمەڵـگای ئێران بوو. حیزب لە کاتی دارشتنی سیاسەتەکانی خۆی بـە داخەوە چـاوی لە ئەزموونـی بێئاکامی حیزبی کۆمۆنیسـتی عێراق لە دراوسێیەتیی خۆمان نووقاند و، ئەزموونی شکسـتخواردوی ئەوانی دیسان تاقی کردەوە.

عەلی گەلاوێژ کە لە شێعرەکانیدا بەڵێنی گەڕانەوە بۆ نیشـتمان و مردن لەوێی دابوو، پاش چەنـد دەیە خەبات، ئاوارەبوون و ژیانی تاراوگە، بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستیی زێدی خۆی و ئەوینی زەحمەتکێشـانی وڵاتەکەی و، خۆشـحاڵ لـە ڕزگاربوونـی خەڵـک لە زوڵـم و زۆری پاشـایەتی، هاتەوە ئێران و لە کارەساتی کوشـتاری بە کۆمەڵی خەرمانانی ١٣٦٧(١٩٨٨) لەگەڵ هەزاران شۆڕشـگێر و خەباتکاری دیکەی ڕێگای ئازادی لە زیندانی ئێوینی تاران لە سێدارە درا و چووە نێو ڕیزی گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی.

نەمر دوکتـور عەلی گەلاوێـژ مرۆڤێکی جوامێر، پاک و بێگەرد، خاکی و خاکەڕا بوو و دەکرا زۆر شـتی لێ فێربـێ. یادی بەرز و هەتاهەتایی بێ.

## ناو و لینکی بەشـێک لە نوسـراوە و وەرگێڕدراوەکانی دوکتور عەلی گەلاوێژ بابەتەکان

سیاست رژیم ایران در مسئله کُرد، دنیا، شماره ۳، شهریور ۱۳۵۳
https://drive.google.com/file/d/1-eVLR_7qz22QMiT800zE98Tas75sOsgd/view

دشـمنان و دوستان خلق کُرد، دنیا شماره ۵، آبان ۱۳۵۳
https://drive.google.com/file/d/1yR5ZjO6JGVYgG34mf92FOhlmqx3Ro9hK/view

یک نقطه تحول بزرگ در تاریخ خلق کُرد، دنیا شماره ۹، آذر ۱۳۵۴
https://drive.google.com/file/d/1TJVmHbxfr2y4xhh9OiC_FPjByfePAje7/view

نکاتی چند پیرامون مسـائل حـاد خلق کُرد، دنیا،شماره ۴، تیر ۱۳۵۵
https://drive.google.com/file/d/1WYaTM_4-_YeOS8LB2xqgfLadwKrJp7t-/view

۲۱ آذر
https://drive.google.com/file/d/1vgQvmqDhTt0LuyBiFCa1cTInIB6LwmlB/view
به سنن بهمن وفادار بمانیم، دنیا، شماره ۱۰، آذر ۱۳۵۵
https://drive.google.com/file/ d/12wtm-5JrEfpY9S6oGeYmwN3CRls2t9fJ/view
نقش اتحاد شوروی در پیشرفت جامعه کشورهای سوسیالیستی، ویژه‌نامه دنیا شماره ۶، شهریور ۱۳۵۶
https://drive.google.com/file/d/1tH6Oeht_25O11y8gWViOPtxaqrguFH3d/view
یادی از جنبش بیست و یکم آذر، دنیا شماره ۸، آبان ۱۳۵۶
https://drive.google.com/file/d/13zLETY1D5pg_TR4S_pVlBWUX6-_SvM6y/view
یادی از جنبش ۲ بهمن، دنیا، شماره ۱۰، دی ماه ۱۳۵۶
https://drive.google.com/file/d/1aj8Jk809u4PSgmC11bEcK03xi38555DQ/view
درباره حزب شهفرموده "رستاخیز"، دنیا شماره ۱۲، اسفندماه ۱۳۵۶
https://drive.google.com/file/d/14jfZNjxkGYapwQUou1yecjgzgw7K2jEA/view
تجارب تاریخ را بکار ببندیم، دنیا شماره ۸، آبان ۱۳۵۷
https://drive.google.com/file/d/1wg8aIWG0U164h-_FpQ71ECmEybtlE2zP/view
یادی از جنبش خلق کُردستان، دنیا شماره‌های ۱۱-۱۰، دی و بهمن ۱۳۵۶
https://drive.google.com/file/d/1QbKIoU8AuPnYeE7bu-KqNsoWWaFZCW0O/view
اکتبر کبیر سرآغاز تحقق آرمان‌های والای انسان، دنیا شماره ۲، شهریور و مهر ۱۳۵۸
https://drive.google.com/file/d/1_OVVo2ActXTgne11SXFeEHLcmml-whuk/view
مسئله کُردستان را چطور باید درک کرد، دنیا شماره۹،۱۰، ۱۳۵۹
https://drive.google.com/file/d/1mMYZq2Y50TGRUzscnJEGlQVbuAs4wSAQ/view
در باره دوستان و دشمنان انقلاب، دنیا شماره ۱۲، ۱۳۵۹
https://80salegi.10mehr.com/wp-content/uploads/2021/09/Donya-Doreh4_1359-12.pdf
در باره سیاست ملی حزب توده ایران، کتاب چهل سال سنگر مبارزه،مهرماه ۱۳۶۰
https://80salegi.10mehr.com/wp-content/uploads/۲۰۲۱/۰۴/۴۰Salegi-۲.pdf

### کتێبەکان


پێوەندییە وەرزێرییەکانی کوردستانی ئێرانی ئەمڕۆ، بە تورکیی ئازەری، باکۆ ۱۹۵۵
مناسبات ارضی در کردستان (فروپاشی نظام عشیره‌ای) به زبان فارسی
https://www.rabari.org/wp-content/uploads/2019/05/%D9%85%D9%86%D8 %A7%D8%B3%D8%A8%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D8%B1%D8%B6%DB%8C-%D8%AF%D8%B1-%DA%A9%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8 %A7%D9%86.pdf
نوشته‌های دکتر علی گلاویژ
http://bokan.de/ laperekan/farsi /syaset/nusrawekan.pdf
هۆنراوەکانی مامۆستا عەلی گەلاوێژ(ئاگری)
http://bokan.de/laperekan/Edebiat/gelawej.pdf
هەڵبەستی "زووحەیاتەین"
http://bokan.de/laperekan/Edebiat/zuhayateyn.pdf

### وەرگێڕدراوەکان

مسائل معاصر آسیا و آفریقا، فصل‌های ۲ و ۱
https://80salegi.10mehr.com/wp-content/uploads/2021/05/Oliyanofski.pdf
تاریخ حزب کمونیست اتحاد شوروی، فصل‌های ۹-۱۴، ۱۹ و ۲۰

### سەرچاوەکان


- پێشەکیی هۆنراوەکانی مامۆستا عەلی گەلاوێژ (ئاگری) ـ حەسەن سەلاح سۆران،
http://bokan.de/laparakan/neu/Gelawej/Mamosta%20gelawej.pdf-
- کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، ، ۱۹۵۷ – ۱۹۶۵، بەرگی دووەم، ستۆکهۆڵم۱۹۸۷


- عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی، - هەژار، چێشتی مجێور ، چاپی یەکەم پاریس ۱۹۹۷،
- کەریم حیسامی، پێداچوونەوە، بەرگی دووەم، ستۆکهۆڵم ۱۹۹۷
- جوتیار حاجی تۆفیق، بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەنوسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- م. ا. به آذین، بار دیگر و این بار
http://www.iran-emrooz.net/image1/khaterate_behazin.pdf
- محمود اعتمادزاده، به آذین، از هر دری، جلد اول، ۱۳۷۱
- کتاب شهیدان توده‌ای از مرداد ۱۳۶۱ تا مهر ماه ۱۳۶۷، چاپ اول ۱۳۸۱، انتشارات حزب توده ایران
- حزب توده ازشکل گیری تا فروپاشی (۱۳۶۸ ـ ۱۳۲۰) به کوشش جمعی از پژوهشگران مؤسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی، تهران: مؤسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی، ۱۳۸۷
- امیرعلی لاهرودی، یادمانده‌ها و ملاحظه‌ها، باکو ۱۳۸۶
- محمد علی عمویی، صبر تلخ، تاریخ شفاهی چپ در ایران جلد اول، ۱۳۹۹، نشر واله، برلین
- گفتگو با مهدی پرتوی، اندیشه پویا، شماره ۳۸، مهر و آبان ۱۳۹۵


### پەراوێزەکان

1. www.bokan.de

۲.

ژێر ئەگەر ناکەسان بیرەنجێنن
دڵی خۆی ئازار نەدا تێ نەگلێ
بەردی بێ قەدر گەر دەفری تەڵا بشکێنێ
قیمەتی بەرد ناچێتە سەر، زێڕداناشکێ
"وەرگێڕ بۆ کوردی، حەسەن ئەیوبزادە"